
ئەمینداری گشتی حیزبوڵلا: داماڵینی چەک هەنگاوێکە خزمەت بە ئیسرائیل دەکات



نەعیم قاسم ئەمینداری گشتیی حیزبوڵلای لوبنان ئەمڕۆ دووشەممە دووپاتی کردەوە کە داوای داماڵینی چەک لە حیزبەکە هەڕەشەیەکی گەورەیە و ئاماژەیە بە خزمەت بە بڕژەوەندی و ئامانجەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

قاسم لە وتارێکدا وتی: ئەم دەمانەوێت سوپای لوبنان پێچەک بکرێت بە پاراستنی ئاسایش و گەیشتن بە سەروەری لە بڕامبەر دوژمنی ئیسرائیلیدا.

ئەمینداری گشتیی حیزبوڵلا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەم شێمان ناوێت،و بەدوایدا ناگەڕێین، بەڵام هاوڕەست نابین و ئامادەین بەرگری لە خەمان بکەین لە بڕامبەر هەر دەستدرێژییەک.

پێشووتریش جێزف عەون سەرۆکی لوبنان دووپاتیکردەوە کە بەیروت بیاریداوەتە بەردەوام بێت لەسەر جێگیرکردنی هێزە چەکدارەکانی تا سنورەکانی نێودەوڵەتییەکانی باشور و داواشی لە ئەمریکا کرد، فشارەکانی بەسەر ئیسرائیل دەستپێبکات بەمەبەستی راگرتنی دەستدرێژیەکانی بەسەر بەیروت.

ئیسرائیل بەردەوامە لە هەرشەی ئاسمانییەکانی بە سەر لوبنان، سەرەڕای ڕێککەوتنی ئاگربەست کە لە (تشرینی دووەمی/11)ی 2024ەوە واژۆکرا، لەکاتکدا سوپای لوبنان تەواوبونی

قەناغی یەکەمی پلانی چەکدامالینی "حزبوڵا"ی لوبنانی ڕاگەیاند، سەرەڕای گومانی ئیسرائیل سەبارەت بە "گونجاوی ئەم هەنگاوانە".

لە (تشرینی دووەم/11)ی ساڵی 2025دا جێگری عەون سەرکی لوبنان ڕێنمایی ڕاستەوخۆی ئاراستەی سوپای وڵاتەکەی کرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر دەستدرێژییەکی ئیسرائیل بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی باشور، ئەمەش بۆ بەرگریکردن لە سەروەری نیشتمانی و سەلامەتی هاوڵاتیان.